## ڕۆژان فەیزی:

# کاری هونەری لە کوردستان زۆر ئاسانترە لە هەندەران

**ماوەیەکی زۆرە ڕۆژان فەیزیی هونەرمەند بە یاوەری خانەوادەکەی ڕوویان لە ئەمریکا کردووە، بەر لەوەی ڕوو لە ئەمریکا بکات لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆرانی وتووە ولە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی بە کاری هونەری کرد و بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی گۆرانی دەڵێ و تا ئێستا خاوەت چەندین بەرهەمە بە فارسی و کوردی، خاتوو ڕۆژان بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

*** وەك ڕۆژان فەیزیی هونەرمەند و مرۆڤی کورد سەبارەت بەو هێرشەی ئێستا دەکرێتە سەر کوردستان لەلایەن تیرۆریستانەوە چ پەیامێکت هەیە؟**

- کاتێك لە ئەمریکا هەواڵی ئەم هێرشە توند و بێ بەزەییەی تیرۆریستانمان بیست بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان لە دڵەوە نیگەران و خەمبار بووین، دیمەنی قەتڵوعام و کوشتنی برا ئێزدییەکان و کۆڕەویان و دەربەدەر بوونیان لە چیای شنگال خەم و ئازارەکانی ئێمەی دوو هێندە زیاد کرد، چونکە دوژمنان هیچ کاتێك چاویان بەوە هەڵنایە کە کورد لە وڵاتی خۆی بە ئارامی بژیت و هەوڵی پێشخستنی و پێشکەوتنی وڵاتەکەی بدات و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ئەم وڵاتە برایانە و بە بێ جیاوازی پێکەوە بژین، بۆیە ئێمە دڵنیاین ئەم کارەساتەی کە ئەم جارە ڕووبەڕووی میللەتەکەمان بووە، پیلانێکی نێودەوڵەتییە دژی نەتەوەی کورد و ئەو دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان بەدەستهاتوون.

ئەوەی ئێمەی دڵخۆش کرد، سەرکەوتن و بەرگریکردنی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هێرشە ناڕەواکەی تیرۆیستان و شکاندنیان بوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە گیان لەسەر دەستە بۆ پاراستنی خاك و میللەتی خۆی، هەروەها ئەم کارەساتە ئەوەی سەلماند کە میللەتی کورد لە



هەر شـــوێنێك و هەر پارچەیەكی كوردســـتان لە خۆشی و ناخۆشـــیدا هاوبەشن و خەم و خۆشـــییان یەكە و لە كاتی پێویســـتدا یەكگرتوو و تەبان و دژی دوژمنان دەوەستنەوە، چونكە ئاشكرایە تەنیا بە یەكڕیزی و یەكگرتوویی ئامانج و خەونە پیرۆز و رەواكانمان دێنەدی، ئەگەر دوژمنان چەند بەهێزیش بن.

*** لە ئەمریكا هیچ هەنگاوێكتان ناوە بۆ پاڵپشـــتی كردن لە پێشمەرگە و ئێزدییەكان؟**

- ئێمە رۆژی ١٥ی مانگی رابردوو لە سانفرانسیســـكۆ لەگـــەڵ كوردیش كۆمینتی بەرنامەیەكمان رێكخســـت كە بریتی بوو لە خۆنیشاندانێك و چەند وێنەیەكی كارەساتەكەمان نیشاندا بۆ نیشاندانی دڕندەیی گروپی تیرۆریستی داعش و چەند سروودێكمان پێشكەش كرد و راپۆرتێكمان پێشكەش بە حكومەتی ئەمریكا كرد سەبارەت بە رووداوەكانی كوردستان، هەروەهـــا بە نیازین چەندیـــن چالاكیی دیكەی جۆراوجۆر ئەنجـــام بدەین كە ئامانجمان تێیدا وشـــیاركردنەوەی دنیایە لە گەورەیی ئەو كارەســـاتەی بەســـەر ئافرەت و منداڵانی ئێزدیدا هات.

*** ئایـــا ئێـــوە دەتوانـــن وەك هونەرمەنـــد كارێك بكەن هونەرمەندانـــی غەیرە كوردیش بـــۆ نموونە ئەمریكی، یان ئێرانی لە شەڕی دژە تیرۆر پشتیوانی گەلی كورد بكەن؟**

- من پەیوەندیم بە چەند كەســـێكەوە كـــردووە بۆ ئەوەی بەرنامەیەكـــی تایبەت ئەنجام بدەیـــن، هەروەها لە رادیۆی دەنگی ئەمەریكا رامگەیاند كە بە نیازم خانمە هونەرمەند شـــەهریڤانی كوردی و چەند هونەرمەندێكی ئەفغانستان و پاكستان و ئەمریكایی بانگهێشت بكەم و چەند كۆنسێرتێك لە هەر سێ شاری ئەمریكا، سانفرانسیسكۆ و لۆس ئەنجلۆس و نیویۆرك ســـاز بكەین، بەڵام ئەمە كارێكی ئاســـان نییە، من داوای كۆمەكم لە زۆر لایەن كرد، لەوانە نووســـینگەی حكومەتی هەرێم لە ئەمریكا، بەڵام بەداخەوە هیچ كەس و لایەنێك وەڵامیان نەدامەتەوە.

*** ســـروود لەو كاتانەدا چەند پێویســـتە هونەرمەند بیڵێ؟**

- بـــە بۆچوونـــی مـــن زۆر زۆر پێویستە، چونكە ریتمی سروود پەیوەندییەكی راستەوخۆی بە ژیانـــی ئێمەوە هەیە، بەتایبەتی ئەگـــەر ئافرەتێك، یان دایكێك بیڵێت و بتوانێت ورەبەخش بێت و كاریگەریی لەسەر كۆمەڵگە هەبێت، مامۆســـتا مەزهـــەری خالقی رووبەڕوو بـــە منی گوت: تـــۆ یەكێكی لەو ئافرەتـــە كوردانەی كە پێویستە واز لە سروودگوتن نەهێنی و بەردەوام بی لەسەری، بـــەڵام بەداخەوە ئەو ئیمكانیاتە لێرە بەر دەســـت نییە و من كەســـێك ناناســـم كە ئاوازی تایبەت دابنێت، بۆیە ئەم كارە لێرە زۆر زەحمەتە، ئەگینا من هەمیشـــە بیری لێدەكەمەوە، خۆشحاڵم كە بەشێكی زۆر لەو هونەرمەندانە سروود دەڵێن و سروودەكانیان زۆر سەرنجڕاكێشن.

*** بۆچـــی رۆژان فەیـــزی ماوەیەكـــە بەرهەمی نوێی هونەری نییە؟**

- هۆكارەكـــەی داراییە، لێرە ئەگـــەر بتەوێ گۆرانییەك تۆمـــار بكەی ٤ هەزار دۆلاری پێویســـتە، ئەگەر كلیپێك تۆماربكەی ٦ هەزار دۆلاری پێویستە، هەروەها شاعیریش پارەی خۆی دەوێ، بە گشـــتی یەك گۆرانی نزیكەی ١٦ هەزار دۆلاری پێویســـتە بۆ ئەوەی بگاتە جەماوەر، نوێترین كاری من بە ناوی (ئەفسانەی حەوا) كە لە ئاستێكی زۆر بەرزدایە، بەڵام من دەتوانم ساڵانە یەك، یان دوو كاری لەو جۆرە ئەنجام بدەم، من دڵنیام ئەگەر بێمەوە كوردســـتان ئەم كارانە بە پارەی كەمتر ئەنجام دەدرێت، بەداخەوە تا ئێســـتا ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە.

*** وەك هونەرمەند تاچەند هونەرت بە كاری ســـەرەكیی خۆت زانیوە؟**

- مـــن لە ســـاڵی ٢٠٠٤ لە ئەمریكا دەســـتم بە كاری هونەری كردووە، چەندین جار دووپاتم كردووەتەوە كە بە هیچ شێوەیەك بۆ پەیداكردنی بژێوی ژیان رووم لە كاری هونەری نەكـــردووە و نایكەم، چونكە ئێمە هونەرمەندی ئەمریكایی نین كە كۆنسێرتێك ساز بكەین و بە هەزاران كەس ئامادەی بن، بەداخەوە ئیمكانیاتمان ســـنووردارە، بەڵام من هەمیشە سوودم لەو ئیمكانیاتە سنووردارەش وەرگرتووە بۆ نیشاندانی هونـــەر و كەلتوور و زمان و فەرهەنگی كوردی، بۆ نموونە كۆنســـێرتی گوڵی سوور(گل ســـرخ) كە بە پێشنیاری من لەگەڵ داریۆش ئەنجامماندا و بە شەهیدانی كوردستانمان پێشكەش كرد، بە مەرجێك بەشداریم كرد جلوبەرگی كوردی بپۆشـــم و كلیپەكەی چەند ســـەمایەكی كوردیدا تێدا بوو، پەیامی ســـەرەكیی ئێمـــە ئەوە بوو، ئەگەر كورد ســـەری نواندبا ئەوا ئەو هەموو پێشمەرگە لە مەیدانەكانی جەنگ ئامادەییان نەبوو.

*** كلیپەكانت لە ئاســـتێكی بەرزدان لە هەموو روویەكەوە، بەڵام بۆچی وەكو پێویست ناگەنە كوردستان؟**

- ئەمە پەیوەســـتە بە پەیوەندییەكانمـــان لەگەڵ كەناڵە كوردییەكان، هەروەها هەر كەناڵێك بە هەر شێوەیەك داوای گۆرانـــی و كلیپەكانی منیـــان كردبێت، من رازی بووم و پێشكەشم كردوون، چونكە گۆرانییەكانم لەسەر ئەركی خۆم ئەنجام دەدەم.

**بە پێشنیاری من لەگەڵ داریۆش كۆنسێرتێكمان ئەنجامدا و بە شەهیدانی كوردستانمان پێشكەش كرد**

**مامۆستا مەزهەری خالقی بە منی گوت: تۆ یەكێكی لەو ئافرەتە كوردانەی كە پێویستە واز لە سروودگوتن نەهێنی و بەردەوام بی لەسەری**

# کارین کاپور پاڵپشتیی لە هاوسەرەکەی دەکات

بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەیف عەلی خانی هاوسەری کە لە دادگا داواکراوە بە تۆمەتی دەستدرێژی و لێدان، کارین کاپوری خانمە ئەکتەری ناوداری هیندی، لە کاتێکی درەنگدا ئێوارەخوانێکی تایبەتی بۆ هاوسەرەکەی رێکخست لە کەشێکی رۆمانسی و عاشقانە لە شاری باندرای هیندی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتیی لە هاوسەری خۆی دەکات، چەند وێنەگرێکیش لە شوێنەکە ئامادەبوون.

وێنەگران کە ئەم دیمەنەیان بینی، چەندین وێنەی ئەم ئاهەنگە بچووکەیان گرت، سەیفەددین جلوبەرگێکی نیشتمانی هیندی پۆشی بوو، کەچی کراسەکەی کارینا کاپور رەنگاورەنگ بوو، واتە کەشێکی وای درووست کردبوو کە ناخۆشیی دادگا لە بیر هاوسەرەکەی بباتەوە، چونکە چەند جارێك لە دادگا ئامادەبوو بە هۆی تۆمەتبارکردنی بە کێشەیەکی لێدان و دەستدرێژی کە بیزنسمانێکی هیندی بە ناوی ئیقبال میر شارما کە لە هیندستان نیشتەجێ نییە، سکاڵایەکی دژی سەیفەددین و چەند هاوڕێیەکی بە تۆمەتی لێدان و دەستدرێژی کردنەسەری لە هۆتێلێك لە ٢٠١٢/٢/٢٢ لە دادگا تۆمار کردبوو.

بەپێی لێدوانەکانی پۆلیس شارما سکاڵای دژی سەیفەددین و سێ هاوڕێی بەرزکردەوە بەهۆی نانەوەی ئاژاوە لە هۆتێل و بە لێدان و شکانی لووتی کۆتایی هات لەلایەن سەیفەددین و سێ هاوڕێیەکەی، بۆیە هەرسێکیان ئێستا دادگایی دەکرێن.



## جیسیکا داوای لێبووردن لە خۆی دەکات

سەرەڕای ئەوەی ئێستا بە ئەستێرەیەکی دیاری سینەمای جیهانی دادەنرێت و ناوبانگێکی زۆری هەیە و خاوەن سەروەت و سامانێکی بێ شومارە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموویان جیسیکا ئەلبای ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی زۆر پەشیمانە لەوەی نەیتوانیوە خوێندنی زانکۆ تەواو بکات و پێیوایە غەدرێکی زۆری لە خۆی کردووە.

جیسیکا بە ئاشکرا وتی: هەستم دەکرد پێویستە داوای لێبووردن لە خۆم بکەم، چونکە من زۆر پەشیمانم کە نەچوومەتە زانکۆ و ئەمەش بە یەکێك لە هەڵە گەورەکانی ژیانی خۆمی دەزانم، لەم بارەیەوە جیسیکا بە سایتی کۆنتاکت میوزیکی راگەیاند: هەمیشە هەست بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکەم کە وەکو پێویست زیرەکیش نیم لە ژیان، بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستە داوای لێبووردن لە خۆم بکەم، ئەگەرچی من تاکە کەس نیم کە لە زانکۆ بێبەش بم، بەڵام دڵنیام ئەگەر لە زانکۆ بمخوێندبا لە زۆر رووەوە بەرەو پێشتر دەچووم و زانیاریم زۆر زیاتر دەبوو لەوەی ئێستا، بەتایبەتی لە رووی رۆشنبیرییەوە و پێموایە ئەمە بۆ من زۆر پێویست بوو، بەڵام ئیدی ئەمە ژیانە و مەرج نییە هەموو کەسێك بە هەموو خەون و ئاواتەکانی بگات.


شایەنی باسە جیسیکا ئەلبا بەشداری لە چەندین فیلمی سینەماییدا کردووە، لەوانە: فیلمی (سین ستی) و فیلمی خەیاڵی زانستی ( فانتاستیك فۆر) و زنجیرەی تەلەفزیۆنی (دارك ئەنجل).



# دۆمینیک بە توندی وەڵامی رەخنەگرانی دەداتەوە

لەو کاتەوەی کە کچە گۆرانیبێژی لوبنانی دۆمینیك حۆرانی هاتووەتە نێو بواری هونەر و گۆرانیبێژی بەردەوام رووبەڕووی رەخنەی جیاجیا دەبێتەوە رەخنەکانیش لە زۆر رووەوە ئاراستەی دەکرێن وەك: (دەنگی ناخۆش، ناهونەرمەند و وروژێنەر)، بەڵام زۆرترین رەخنە کە ئاراستەی بکرێن دەربارەی ورووژاندن و خۆ رووت کردنەوەیە، بەڵام دۆمینیك هەمیشە بێدەنگ بووە، ئەگەر وەڵامیشی دابێتەوە بەشێوەیەکی هێمن و بێ تووڕەبوون و ناوهێنانی هیچ کەسێك وەڵامی دەدانەوە. بەڵام پێدەچێ نەتوانێت چیتر بەرگەی ئەو کۆمێنت و رەخنانە بگرێت کە لەکاتی دانانی هەر وێنەیەك یان ڤیدیۆیەکی نوێی خۆی ئاراستەی دەکرێن، زۆریشیان پێیانوایە دۆمینیك زیاد لە پێویست جورئەت نیشان دەدا و خۆی رووت دەکاتەوە کە زۆر جار پێویست ناکات هونەرمەند بگاتە ئەو ئاستە، دۆمینیك بڕیاری دا ئەم جارەیان زۆر بە توندی وەڵامی ئەم رەخنە و کۆمێنتانە بداتەوە کە ئاراستەی دەکرێن، بۆیە نامەیەکی زۆر توندی وەك وەڵامێك بۆ کۆمێنتێك کە دەربارەی وێنەیەکی خۆی و دەرهێنەری سووری سەیفەدین سوبێعی بەمجۆرە نووسیوە: «ئەم وێنەیە پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانە کە گرێی دەروونییان هەیە و رەخنەیان لە من گرتبوو بە شێوەیەك کە پیسی دەروونیانی دەرخستووە، من ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە دەیانەوێ بەناوبانگ بن و خەڵك بیانناسێت، لە رێگەی باسکردنی خەڵکانی تر، هەروەها ئامۆژگاری هەموو ئەو کچانە دەکەم کە ئیرەیی دەکەن، پێیان دەڵێم بڕۆن خۆتان رێکخەنەوە و کارێکی سەرکەوتوو بۆ خۆتان بدۆزنەوە کە ئێوە دەربخات و ناوبانگی پێ دەرکەن، نەك لە رێگەی منەوە دەرکەون و ناوبانگ دەربکەن.

ئەم وەڵامدانەوە توندەی دۆمینیك مایەی سەرسوڕمانی کەسە نزیکەکانی خۆیشی بوو، چونکە دۆمینیك بەوە ناسراوە کە پڕوپاگەندە و ئەو جۆرە قسانە کاریگەریی تێناکەن و هیچ کاتێك وەڵامیان ناداتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەم کۆمێنتە بەلای دۆمینیك زۆر توند بووبێت.





### ئەو ساتانای ناسرێنەوە

# بەرەو چیا، بەرەو شۆڕش

## ٣

هەمووان لە مەرگــە یەکانگیر بووین و رووومان لە کەناری دەریاچەی دوکان کرد، شــەوەزەنگە و دەریاچە و ئاســمان لە ئامێزێکــی تاریــك و نوتەکدان و زریــان رایاندەژەنێ و، باو بۆران کڵپەی ئاگری خۆگەرمکردنەوەی بەلەمەوانەکان چوون موشــەدەمەی نێوان هەردوو بازووی شاگرد و ئاسنگەرێکی کوورە جۆشدەر گیڤ و هۆڕیەتی، هەر لە دوورەوە و سەروچاو و شەدە شەتەك دراوەکانی سەرو دەماغیانی دەنواند.

سڵاومان کرد، فەرمووی سەرکەوتنیان لێکردین و هەمووان چووینە کۆشــی ماتــۆڕە ئاوییەکەوە و کابــرا پارەی خۆی لێوەرگرتین، قیروســیا لێمان کــە دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە دەبووین کە دەیتوانی باری بکات.

ئیدی زۆرانبازی بوو لە نێوان گوژمی رەشەبا و سنگکوتانی ماتۆڕەکەدا، نزیکەی چل خولەکی برد هەتا گەیشتنیە بەری رانیە و لەوێوە بە پرتاو لە پشــتە تراکتۆرێکدا جێگای خۆمان کردەوە، کە تا گەیشتینە چەقی رانیە یەکی سواغە سەربانێ قوڕی بە سەرو گوێلاکماندا دابوو.

شــار تاریك و نوتەك، چراو لۆکســی دوور و نزیك لەگەڵ ژاوەژاو و هەرواوهوریا شــاری دەنواند. ئەنگوســتەچاو بوو، بەری پێی خۆمان نــەدەدی، کاتێکم زانی لاقێکم کەوتە ناو قۆرتێکــەوە و ئازار لــە کڵاوەی ئەژنۆمەوە هەتا قولەپێم لێ هەستا، هاوڕێیەکانم دەستیان دایە بن باڵم و بەرزیان کردمەوە، چووینــە چایخانەیەکــی قەرەباڵغ و لۆکســێکی ئینگلیزی رووناکی کردبووەوە، خۆمان گەیاندە نزیك سۆپاکە و سێبەری تفەنگی (ماهێری)ی شانی پێشمەرگەکان لەسەر دیوارەکانی وێنەیەکی خەیاڵ بزوێنی کێشــابوو، ئەو دەمە تفەنگی ماهێر پتر تایبەتی پۆلیس بوو.

ســەیری لاقم کرد خوێنی پیــادا دەهاتە خــوارەوە، بەڵام زامدارییەکەی هێندەی بە ســۆیی ئازارەکەی نەدەبوو. دیارە خەڵکەکە ئێمەیان ناســییەوە، پاش فرکردنی دوو دیشــلەمە هەنــاوم گەرمبــووەوە، کەوتنە هەواڵپرســین، هێندەی نەبرد کوڕێك خــۆی کرد بە چایخانەکەداو ســۆراغی من و کاك نووری وەشــتی دەکرد و پێی وتین: فەرموون بۆ ماڵی سەید قادر، چاوەڕوانتانــن، دکتۆر جەمیــل عەبدوڵلاش لەوێیە. خانوویەکی ئاوەدان و پۆشتەوپەرداخ بوو، دیوەخانێکی بەرینی دڵکــەرەوە و رازاوە بە فەرشــی دەســتی و رەنگین بە چراو لۆکس. کاك نووری چەرمەســەریی رێگاوبان و کەوتنەکەی منی بۆ گێڕانەوە، ئیــدی دکتۆر زامەکەی بۆ دەرمانکردم، پاش کات بەسەربردنێکی خۆش و نانخواردن، چونکە کەنەفتی ماندووبوونــی رێگابووین، خەو و پێڵــووی چاوەکانی قورس کردبووین، بۆیە جێگایان بۆ راخستین و تا رۆژبوویەوە نوقمی خەوێکی خۆش بووبووین. ماڵی ســەید قــادر ئاوەدان بێ، بووژاینەوە و نانی بەیانییەکی تێروتەســەلمان خواردو ئیدی هەمــووان یەکمان گرتەوە و رووومان لــە چیای ماخ و بزنان کرد.

بەر لە چیاکە دوو گوند ســەرنجیان راکێشــام، چ شێوازی خانووەکانیــان و چ ناوەکانیــان، (زەنگۆڵان) و (مەمك) لەو داوێنی زۆزانــەدا، ئاژەڵدارییان دەکرد. ناوی خوامان لێهێناو کەوتینــە هەڵزنان، خوڕەخوڕی بەفری تــواوە کە بەلای ئەو بزنەرێگایەدا جۆگەیان هەڵبەســتبوو، بۆ چێشــتەنگاو ژوور ناوقەدی کەوتین، لــەو بەرزاییەوە کە لە خوارەوەی دەڕوانی، هەستێکی پڕ لەخۆشــی کەیلت دەکات، ئاوڕم لە هاوەڵەکانم دەدایەوە و بە گیانێکی جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕییەوە، ئەم دێڕە شــیعرەی (پیرەمێرد)م دەوتەوە «بەسەر کێوی ئەراراتدا بە لاوك پیرەمێرد ســەرکەوت... ئەڵێ شوێنم کەون کوڕگەل شەوی ســەرکەوتنە ئەمشــەو) هەمووان وەك کۆرس بۆیان دەسەندمەوە، ناوبەناویش هەر پاش بڕینی سەختەن و پێچیەکی لوولخــواردوو وچانێکی کورتمان بــۆ دەدا، زۆر جار لە دوو توێی ئەو پشوودانەدا کاروانچی و یان برادەرانمان پێدەگەیشت و هەر هەموو دەمەتەقییەکانیش لە چوارچێوەی ئەمانە بەدەر نەدەبوون:

- ئەرێ زۆرمان ماوە؟

- لە کوێتانە؟ ئەو گشــت کێوە زەبەلاحانە، بەڵام بۆ تاقی رۆژئاوا دەگەنە قۆناغ، واتە بۆ حەوانە و شەو بەسەربردن.

- مامۆستا ئەوە چۆنە ولاغت بە کرێ نەگرتووە؟

- دەستی خۆش بێ، ئەی دوێنێ دەمەو زەردەپەڕ ئێسترەکەی کاکە (ئازادی عەبدوڵلا ئەفەنی) لەو دۆندەوە کەوتبووە خوارێ و بە جانتا و کەلوپەلەوە هەپروون بە هەپروون بووبوو.

- بەڵام باش بوو، بە رێکەوت بەر لە هەڵدێرانی ئێسترەکە بۆ

**شار تاریک و نوتەک، چراو لۆکسی دوور و نزیک لەگەڵ ژاوەژاو و هەرواوهوریا شاری دەنواند. ئەنگوستەچاو بوو، بەری پێی خۆمان نەدەدی، کاتێکم زانی لاقێکم کەوتە ناو قۆرتێکەوە و ئازار لە کڵاوەی ئەژنۆمەوە هەتا قولەپێم لێ هەستا**



# ئەحمەد سالار

مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

خواردنەوەی قومێ ئاو دابەزیبوو.

- باشە هیچ ئاژەڵێ هێندەی ئێستر شاخەوان نییە و بە شەوی ئەنگوستەچاو بە تولەڕێی سەر چیای هەزار بە هەزاردا هەڵدەگەڕێ، سەیرە!

من بە گوێی خۆم، گەلێك جار لە گوندنشینانم بیستووە، دەڵێن هەرکاتێ ئێستر زۆر بێزار دەبێ، چەمووش دەبێ و خۆی هەڵدەدێرێ، واتە خۆی دەکوژێ.

کەوتینەوە هەڵگەڕان و بزنەڕێ بڕین، منیش هەر خەیاڵم لەو رووداوە ئالابوو، رووم کردە برادەرەکانم، بەخوا خۆی بکوژێ و خۆی نەکوژێ، بۆ بەیانی هەر وڵاخێك بەکرێ دەگرم، ئەمە دەریناهێنێ، کڵاوەی ئەژنۆم تەقی، چونکە مەبەستێکی دیاریکراومان هەبوو، هەنگاو بەهەنگاویش لێی نزیك دەبووینەوە، ئەوە بووە مایەی گوڕ پێدانمان، ئیدی خاوخلیچکی نەماو ماندووبوون وەلاوە نرا.

پاش یەك دوو قۆناغە پشوو نزیك کەوتینەوە، بەڵام تووشی رووداوێکی ناخۆش بووین، ئەوەبوو بەر لەگوندێك شوانێکی چڵکنی چڵمنە، سەگێکی هەوشاری بەردایە ئەو برا هونەرمەندەمان کە ئەندامی تیپەکەم بوو، ئەویش ناچار بەردی گرتە سەگە و سەگیش دڕتر بوو، ئینجا شوانەکە بەجنێودان بەرەو برادەرەکە چوو، ئەویش زلەیەکی سراواندە پەناگوێی، ئیتر هەر ئەمەنەمان خۆش بوو لە دوو سێ لاوە چەکدار نیشتنە سەرمان و پاڵپشتی برادەرەکەیان کرد، کابرایەکی رەقەڵەی پەرپووتی لالغاو بەکەف، خەنجەرێکی مشتوسپی بە بەرۆکەوە بوو، نەڕانی: خۆم لە هەیوانەکەوە چاوم لێبوو تەعدای لەشوان و سەگەکەم کرد، چاوی دەردەهێنم، دەیکەمە عیبرەت.

زانیمان ئەو نابووتە ئاغای ئەو گوندەیە، ناچار لە وڵاخەکەم دابەزیم، قاتێ شەرواڵ و مرادخانی رەش و قەمسەڵەیەکی پێست جوانم لە بەرابوو، جامانەیەکی ریشوودراوی باودراوی جوانم بەستبوو، گەنجێکی قیت بووم، سڵاوم لێکرد، نوزەی لێوەنەهات، ئاغا سڵاو سڵاوی خوایە، من ئاگام لێبوو شوانەکەی تۆ شەڕی بەو برادەرەمان فرۆشت، کە هەر نەبێ لە تەمەنی باوکیایەتی، ئیتر خۆ ئەمە خوانەخواستە نە کەعبە کەچ بووە و نە دنیا ژێرەو زەبەر. ئیتر چی رەوانبێژی و هونەری ئاخافتن هەیە بەکارم هێنا، ئەو لە هەڕەشە و گوڕەشەی خۆی نەکەوت، پاشان چوومە لای کاك نووری وەشتی وتم، کاکە نووری فریاکەوە، ئەو ئاغا کەللەپووتە لە کەلی شەیتان نایەتە خوارێ، وا قسەی لەگەڵ بکە تۆ نە لەگەڵ ئێمەیت و نە دەشماننناسی، ئیتر کاکە نووری بەو سەروسیما پۆشاغەوە دابەزی و ئاغای بردە لاوە و چەند قسەیەکیان کرد، ئەوسا ئاغا دەستبەرداری برادەرەکەمان بوو، ئاهی سەرفرازیمان پیادا هاتەوە، بەڵام خەریك بوو کەللەم بتەقێ، گرفتەکە لەوەدابوو هیچمان چەکمان پێ نەبوو، ئەوانیش پڕ چەك، دەنا خوا شایەتە ئەو ئاغا پەرپووتە بە شەپازللەیەکی سلێمانییانە لە حەوتساڵان راست دەبوویەوە.

تا تەواو لە گوندەکە دوورنەکەوتینەوە، خۆمان لەکاك نووری نەگەیاند، تەواو لە حوکمی دووربینیشدا نەمابووین، ئەوسا پێموت: ئەرێ کاکە نووری بە قوربان ئەو قیرسچمە نەگریسەت چۆن قایل کرد؟

- : پێویست ناکات جەنابتان دەستان لەو کەسەدا پیس بکەن، تۆ بۆ برای خۆتی دانێ، چارت بۆ دەکەم، زۆرشتی تریش.

عەسرێکی درەنگوەختان بوو گەیشتینە ئاوەدانی و سواری جێبێکی ئەمەریکی درێژبووین، لە گەلاڵە دابەزین و سۆراغی هەواری هونەرمەندانمان کرد، ئیدی بەرەو ژوور بووینەوە بە هاوەڵە هونەرمەندەکانمان شادبووینەوە، هەر لەوماڵەدا ژوورێکیان کردبووە ستۆدیۆ و زۆربەی سروودەکانیان تیادا تۆمار کردبوو.

ئەوسا دابەزینە ناو بازاڕ و نانمانخوارد  و گەڕاینەوە مەڵبەندەکەمان و شەوێ گوتیان: زوو بخەون بۆ ئەوەی بەر لە سپێدە هەستن و بچینە ناو ئەشکەوتەکەی چیای گەلاڵە.، هەرکە چاوم لێکنا نوقمی خەوێکی خۆش بووم لە دەنگەدەنگ و (درەنگە خەو تەواو) بە ئاگاهاتم.

- :ئەرێ ئەو هەراهەرایەتان لە چییە؟ خۆ هێشتا هەر شەوە.

- :خێراکەن دەستوبرد کەن، هاکا فڕۆکەکان زرمەیان هەستان.

- کاکە گیان بەم نیوەشەوە؟ خۆباشە نەبوونەتە هەویرشێلی لەواشەخانەکانی جاری جاران!؟

**دوو گوند سەرنجیان راکێشام، چ شێوازی خانووەکانیان و چ ناوەکانیان، (زەنگوڵان) و (مەمک) لەو داوێنی زۆزانەدا، ئاژەڵدارییان دەکرد. ناوی خوامان لێهێناو کەوتینە هەڵزنان، خورەخوری بەفری تەواوە کە بەلای ئەو بزنەڕێگایەدا جۆگەیان هەڵبەستبوو، بۆ چێشتەنگاو ژوور ناوقەدی کەوتین**